## عەبباس حەقیقی

ماڵپەڕی "سیروانی هەفتانە" وتارێکی لەژێر ناوی *"شاعیری حەقیقی > حەقیقی شاعیر"* نووسینی کاک "ئەمیر حەقیقی" بڵاو کردۆتەوە. گەرچی دڵنیا نیم، بەڵام واهەیە کاک ئەمیر، کوڕ، نەوە یا کەس و کاری نزیکی مامۆستای نەمر بێت.

بابەتی وتارەکە، ژیان و شیعری مامۆستا عەبباسی حەقیقی یە (١٣٧٥-١٢٨١ هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٩٦- ١٩٠٢ زایینی) و لەم بوارە دا خاوەن بایەخی تایبەتە. من سوودی زۆرم لە خوێندنەوەی وتارەکە وەرگرت و هەر بۆیەش لێرەدا سەرجەمی دەهێنمەوە.

شایانی باسە ئەم وتارە دوای بڵاوبوونەوە لە ماڵپەڕی سیروان، جارێکیش لە ماڵپەڕی بۆکان/رۆژهەڵاتدا بڵاوبۆتەوە :

## شاعیری حه قیقی> حه قیقی شاعیر

ئه میر حه قیقی - بۆكان : كێ‌ده توانێ بلێ هونه رمه ند ده مرێ و له بیر ده چێته وه، ئه ندیشه و ئاكاری جوان و رێك و پێك، به شه ری ماندوو له هه را و هوریای ژیانی ئه و رۆ كه به ره و خۆی ده كێشێت و پشووی پێ ئه دات و ماندوو بوونی له بیر ده باته وه.

ژیانی هه ر هونه رمه ندێك به قه د به رزی بیر و باوه رێتی، دیاره ئه گه ر نووسراوه یێك به زۆری و به خۆ به سه ر دابرین رووی له بینه ر و بیسه ر كردبێ عومری بڵقی سه ر ئاوی هه یه و زۆر زوو له بیر ده چێته وه و له دڵان نانیشێت. خوێنه ری ئه و رو كه جیاوازی به رهه می باش و خراپ به جوانی ده ناسنه وه و له خۆرا باوه ش بۆحه موو شتێك ناكه نه وه.
له نێو هۆنه ره كان دا شیعر بۆمیلله تی كورد به ڵگه یێك له بوون و نه بوونه. كورد هه میشه سینگی پڕ بووه له كولتووری تایبه ت به خۆی، تا راده یێك كه ئه رۆ كه روانگه ی میلله تانی دونیا خاوه ن زمان و كولتوری جیاواز و ناسراوه یه. ئه و ده سكه وته هی كه سێكی تایبه ت نیه و حه موو كوردێكی ده س به قه ڵه م
به شێكی له و كاره وه ئه ستۆ گرتووه و به شێكی بۆداهاتوو به جێ هێشتووه. له سه رده مێك دا كه كوردیش وه كوو میلله ته دوا كه وتووه كانی جیهانی سێهه م چی شك نه ده برد گه وره پیاوانی كورد قۆڵیان له و كاره هه ڵماڵیوه و چوونه ته مه یدانێك كه نه خوێنه ری باشی ده س ده كه وت تا هه ڵه كانی پێ نیشان بدات، نه كتێبخانه ی باش و پڕ له كتێب.
له و هه ل و مه رجه دا گه وره پیاوێك به نێوی عه بباسی حه قیقی ڕوو ده نێته دونیاوه.
مامۆستا له گوندی مه رجان ئاوا له ساڵی ١٢٨١ی هه تاوی له بنه ماله یێكی خوێنده وار له دایك ده بێت. ماوه یێك له لای بابی ده رس ده خوێنێت، به ڵام به هۆی گیر و گرفتی شه ڕی هه وه ڵی جیهانی ئاواره ی مه ڕخوزی سه ر به شاری سه قز ده بن، هه ر له و گونده ش مه لا قادر ئاغا نێوێك بناغه ی خۆیندنی مه كته بی ئه و سه رده مه ی داده ڕێژێ. حه قیقتیش وه كوو زۆربه ی گه وره پیاوان هه ر به منداڵی بابی له ده س ده دات تا زۆر زوو ببێت به پیاوێك كه كورد شانازی پێوه بكات. پاش چه ن ساڵان له گه ڵ خوالێخۆشبوو خاڵه مینی به رزه نجی ده

چنه خزمه ت مامۆستا شێخ حه سه نی شێخی له ئاوایی ئیسکی به غدا بۆ درێژه دان به خوێندن.
حه قیقی له کاتی کۆچی دوایی خاڵه مین دا ده فه رمێ:
له دیوانی ئه ده ب خاڵی ئومێدم چوو که خاڵم چوو
که شابازی ئه ده ب رۆیی له خاڵی ئاشیان چ بکه م
چه ن ساڵ دوایی خوێندن له ئیسکی به غدا له گه ڵ خۆشه ویسترین دۆستی که تا ژیان، له سه ر عه هد و په یمان بوون واته سه ید کامیلی ئیمامی (ئاوات)
ده چنه ئاوایی باخچه ی مه هاباد بۆ خزمه ت حاجی بابا شێخ و ده س ده که ن به فێر بوونی ده رس و ته مرینی شاعیری. کاتی کۆچی دوایی کامیل شا حه قیقی
ده فه رمێ:
کامیل ئاور ده وه بڕوانه دڵم
تاوو تینی دڵ و جه رگی به کوڵم
دڵ به دڵ ده یکوت و ناڵی و گریا
کۆچی من با له بری تو بریا
له ساڵی ١٣١٣ هه تاوی ده بێته کارمه ندی ئیداره ی دارایی مه هاباد و هه شت ساڵ دواییش ١٣٢١، به سه رپه ره ستی دوخانیاتی بۆکان تا ساڵی ١٣٤٢ درێژه به کاری ده دات له پاش خانه نشینی ش هه رله شاری بۆکان ده گیرسێته وه.
مامۆستای ره حمه تی هه ژار موکریانی له نامه یێك بۆ دۆستێکی سه باره ت به مامۆستا حه قیقی ده نووسێ:
سه نعاتی شیعرێك که ئه و دیزانی له ده س که م که س هاتۆ، من له ته مه نی شازده و پازده سالیمه وه به شیعری حه قیقی فرچکم گرتووه سه یره که ئێستاش پاش چل و حه وت هه شت ساڵ زۆریانم له به ر ماوه.
له کۆماری مه هاباد دا حه قیقی به ناز ناوی (ع.هونه ر) دێته جه رگه ی خه بات گێرانی دژ به په هله وی. به شێعری به رزی خه وی غه فڵه ت له گۆڤاری نیشتمان ژماره کانی ٧، ٨، ٩ ته کانیك به شیعری نیشتمانی ئه و سه رده مه دا ده دات.
له به شێك له و شیعره دا ئاوا ده ڵێت: نه و به هاره و گوڵه کان پشکوتن
سویسن و نه رگیس و نه سرین له نوێ
نیشتبوو بولبولی شه یدا له گوڵێ
وای ده فه رموو له زمان خاسه که وێ
نه ته وێ گه ر حه موو دونیات بده نێ
به دڵێکی به خه موو لێر و له وێ
خاکی ئێمه که نموونه ی ئیره مه
حه یفه چی دیکه وه ده س خه ڵکی که وێ
عومری مه حکومیت و ده س به سه ری
نی یه تی قیمه تی ێیك دانه جه وێ
دێته گوێم ده نگی فریشته ی ره حمه ت
به حه موو نه زمێ ده ڵێ و ناسره وێ
خه وی غه فڵه ت به سه هه ستن له خه وێ
گه ر ژیانێکی به ئازاد و ده وێ
دوای تێکشکانی ڕاپه ڕین، مامۆستا له و کاته دا که نووسین به کوردی باسی سه ر بوو درێژه به نووسین ده دا و ئه و جار ده بێته عارفێکی ناچرالیست که
شێعره کانی له نه ققاشی نیزیك ده بێته وه و خوێنه ر به جوانی ئه وه ی مامۆستا ده ینووسێ، ده شی بینێ، بۆ نموونه:
پێش ئه و ده مه ی گزنگ له سه ران دا به یان

یا ئه و ده مه ی كه زرده له كێوان ده دا به حاڵ
كیژان به پۆل به یانی ده مێ ده چنه گوڵ چنین
وه ك حۆریان ده چن حه موو لێو ئاڵ و چاو كه ژاڵ
ده م چه شنی خونچه ی، گوڵه باغی به ری به یان
روومه ت ده ڵی شه هیده له خوێن دا بووه شه لاڵ
به راستی حه قیقی شاعیری بێ وێنه ی به هاره، هیچ كه ل و كولێنێك له جوانی به هار له شێعری حه قیقی داون نه بووه، به هاریه كانی بۆ و به رامی باران و گوڵ و خونچه ی ده م به پێكه نینی لێوه دێت و خوینه ر ده باته ئه و په ڕی خواناسیش هه ر وه ك له پێشتر دا باسم لێكرد حه قیقی عاریفانه ده روانێ و نیشتمان په روه رانه ده نووسێ. لوتفی خودای هه ر له خاكی كورده واری پێ جوانه و تانه له ئه غیار ده دات:
سه ری قه ندیل و مه ندیلی سه رانم هه ر یه كه ی دێنێ
هه زار جار ئاوی روكناباد و گوڵ گه شتی موسه للایه
حه قیقی دیمه نی كێوو كه ژ و كوێستانی كوردوستان
به دینم وه ك به هه شتێ وایه خوا هینایه دونیایه
خۆیندن له حوجره و ژیانی پڕ له ئیمان، شیعره كانی پڕ ده كا له وشه ی ئایینی به ڵام نه به شێوازی ترسان به ڵكوو خودای حه قیقی میهره بانه و موستعانه.
به قه ولی داوته پێم دڵ خۆشه بالله
وتت لا تقنطوا من رحمه الله
به هیوام ئه و ده مه ی گیانم ده سێنی
نه جاتم ده ی به ئه لتافی نه هێنی
بۆ هه وه ڵ بار حه قیقی چیرۆكی كلاسیكی سه رو بن دار و پڕ له وشه ی جوان و رَه سه نی كوردی به شێوازێكی لێهاتوانه و نۆرمی نووسه رانی سه ده ی نۆزده ی زایینی و به زمانێكی مناڵانه په ندێكی پیرانه ده دات. كورته یێك له چیرۆكی فولكلۆری مه ڕۆكه و بزنۆكه:
له و چیرۆكه دا بزن به مه ڕ ده ڵێ وه ره هۆڵێ دروست كه ین بۆ سه رما و سه خڵه تی زستان. به ڵام مه ڕ تووڕه ده بێ و وڵام ده داته وه:
تووڕه بوو مه ڕ كه ئه وه ی بیس له بزن
وه ك له سه ر نۆكه ری خۆی میری مه زن
وتی ئه ی چاو زه قی دم چرچی ڕه قه ڵ
ئه ی ڕه ش و برشی چه رم پیسی چه په ڵ
من چ باكم له چله ی زستانه
من خوریشم هه یه دوشم پانه
له خوری من ده كه نه به رگ و لیباس
گۆره وی و ده سكێش و زه نگاڵ و كراس
قووتی روحه ده ڵه مه و ماستی مه ڕه م
چه ننه ته جێگه هه وار و له وه ڕم
قووتی قه لبه كه بابی به رخم
به ڕبه سێل ئاوی حه یاته، به رخم
سه رو پێم سورمه یی ڕوونی چاوه
كه شكه كه م باسی له عاله م قاوه
بێ گومان موعجیزه یه ڕۆنی كه ره م
خوای مه زن كردی به ئینسانی كه ره م
............... بزن هۆڵی خۆی دروست ده كاو:
تێپه ڕی پاییز و سه رما ئه نگووت

له پڕێ به سته ڵه ك و شه خته بزووت
سایه قه و به ندو کرَیوه و ته م و مژ
مۆن و مرچ و له شه ڕ و تووڕه و دژ
هه ور و مژمات و سڕ و گرژ و عه بووس
چاڵ و چۆڵ پڕ له به فر سه حرا لووس
نه گه وه ر بوو نه له وه ر ما نه که ما
ئه وی پیی ده خوڕی و تیی ده خوڕی نه ما
گه ر به که یف و گه مه سه د ساڵی بژی
که مه لای ئه و ده مه خه مبار و دژی
مه ڕ گه لێك له بزن ده پارێته وه که که لێنێکی بداتێ تا له سه رمای زستان خۆ بپارێزێ.
بزنیش دوای منه تێکی زۆر وڵام ده داته وه:
هه یه لای پێشه وه جێی سینگ و سه رێ
بێته ژوور نیوه ت و نیوه ش له ده رێ
به ڵام له ئاکام دا:
گورگه هات و پڕی دایه و بردی
ئه وه بوو نه قڵی مناڵی کوردی
له ت و په ت بوو له شی نه رم و لووسی
تکه تکه خوین ده رژا و ده ینووسی
ئه ی بزن ساده بژی بۆ ورگی
وه کوو من خۆمه که پارووی گورگی
ناکرێ باس له سه ر حه قیقی بکرێ و شیعری به هاری کورده واری (شین گێری حه له بجه)
نه خوێندرێته وه، له م پارچه هه ڵبه سته به نرخه دا هاواری دڵی زه خماری شاعیر له ڕاده به
ده ر جگه ر سۆزه و هه ست بزوێن:
به جورعه و مورعه کار پێك نایه ساقی پڕ که مینایه
به قه د کێوی ده ماوه ند و سه هه ندم خه م له دڵ دایه
به بۆمی شیمیایی و مووشه ك و ئه بزاری وێرانگه ر
وڵاتی نیشتمانی ئێمه وێنه ی هێروشیمایه
به هاره وه ك گه ڵارێزانه ته رمی نۆ نه مامانی
نه ما »مانی« هه تا ره سمی نه مامانی بکێشایه
سه دان خونچه ی نه پشکوتوو هه زاران نه رگسی خه و توو
به گێژی گێژه ڵوو که ی بای دژی ژین ته رت و تونایه
شه ڵالی خوێنی خۆیانن ده با قه ت شین نه بێ لاله
ره فیقی شین و گریانن چ موحتاجن به شینایه
وه رن ئێوه و خوداتان رێك که ون بۆ تۆڵه ئه ستاندن
حه قیقی غه یری هاوار و دوعا چیی دی له ده س نایه
شین گیری حه قیقی بۆ کورد و چه رمه سه رێیکانی دوایی نایا و له ده یان شیعری دیش
هاواری به رده وامه:
سه دان ساڵه به دبه خته بێچاره کورد
برین دوای برین دڵ بریندار ه کورد
نه سیبی له رۆژی ئه زه ل دا ده ڵێ
فه قه ت به ند و زه نجیر و سه ر داره کورد
به ڵام دوایی ئه و حه موو باس له ژیانی تاڵ کردنه دا له زۆر نووسراوه شیدا به ڵێنی دوا
رۆژی روون ده دات و شوکرانه بژێری ژیانی میلله تیکه که به هۆی خوێندن و زانست

داهاتووی به ره و سه رفه رازیێکی بێ وێنه
ده روا.
حه قیقی خاوه ن چوار به رهه مه به نێوه کانی:
١- دیوانی حه قیقی، ٢- کۆلکه زێرینه، ٣-
ته رجه مه ی سه د غه زه ڵی حافز به کوردی (شه ونم) و دوایین به رهه می که هێشتا له چاپ
نه دراوه به نێوی ٤- گولچین
لێره دا ته رجه مه ی غه زه لێکی بڵاو نه بۆوه ی له دوایین کاره کانی والێخۆشبوو مامۆستا حه
قیقی نه مر پێشکه ش ده که م:
مژده ی وصل تو کز سر جان بر خیزم
کوا ویسالت که به مزگێنی بده م گیيان هه ستم
مه لی قودسم سڵه له و داوی په رێشان هه ستم
بمکه یه نۆکه ری خۆت شه رته که سوێندێکی بخۆم
له سه ر ئاغایی ئه وه ی موڵکی له دونیان هه ستم
خوایه بڕژێنی له هه وری که ره مت بارانێك
سه ر له ئه و رۆژه که وه ك تۆزی بیابان هه ستم
دامه نیشه مه یه بێ موتریب و مه ی سه ر گڵکۆم
تا به بۆی تۆوه بره خسێن وه کوو مه ستان هه ستم
شه وه کی بمخه یه ئامێزت ئه گه ر چی پیرم
تا به گه نجی شه وه کی وه ك مه هی تابان هه ستم
لار و لونجه ی قه د و باڵات گوڵه که م بنوێنه
با وه کوو حافزی لاده م له دڵ و گیان هه ستم
خوالێخۆشبوو مامۆستا عه بباسی حه قیقی ٢٦/١٠/٧٥ ی هه تاوی له مانگی پیرۆزی ره مه
زان دا کۆچی دوایی کرد و له شاری بۆکان به خاك سپێردرا به ڵام بولبولی شه یدای شیعر و ئه
وینی هێلانه ی قه ت له دڵی میلله تێك ناشێوی که بۆ گه وره پیاوانی رێز و حورمه تی به رده
وامی هه یه و ده بێ. هیوادارم ئه م کورته باسه توانیبێتی به شێکی هه ر چه ند بچووك له یاد و
بیره وه ری ئه و زاته پیروزه ی به جێ هێنابێت.

/http://www.sirwanweekly.com